کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی ڕۆژانەی کشتی سەربەخۆی کوردیە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 12-6-2007 19:08

## نەفرەت لەو ڕۆژانەی لەگەڵ نەوشیروان مستەفا ژیام ... جەرەسی سێیەم .. نەوشیروان بەزەردەخەنەی ئاشتی و تەبایی قەڵس دەبی!! ... شەپۆل کەلاری

بۆ جەرەسەکانی تر ئێرە کلیك بکە

زۆر گیانەوەر بەبینینی گیانەوەرێکی تر یان بینینی شوێنێك یان بۆن کردنی بۆنێك قەڵس دەبن، مار کە گیانەوەرێکی زیان بەخش و ژەهراویە چارەی ژیشکی ناویو حەز ناکات لەچ جێیان ببینی، کوندە پەپو چاوی بەرایی نادا ئاوەدانی ببینی، شەمشەمەکوێرە ڕقی لە ڕوناکی دەبێتەوە، قالۆچە بەبۆنی گوڵاو تێك دەچێ و بەبۆن دەکەوی.. ئەوە یاسای سروشتەو پەیوەندی بەفیتنە گێڕی کەسانی ترەوە نیە.
ئەوەتا کاك نەوشیروانی ئێمەش بەئاشتی و تەبایی قەڵس دەبی، کەسانی ئاشتی خواز بەدوژمنی خۆی دەزانی، ئەو کەسانە بەختەوەرن کەنەوشیروان خۆشی ناون، چونکە ئەوانە هەڵگری پەیامی ئاشتین، خۆزگە منیش بەر ئەو ڕقەی کاکە نەوە بکەوم بۆ ئەوەی دڵنیابم مردن و ژیانم لەگەڵ ئاشتی خوازاندا دەبی، کورد ئەگەر بیەوی دوبەرەکی و کوتلەبازی بەیەکجاری لەماڵی خۆی وەدەرنی، دەبی تویشە بەرەی ئاشتی لەکۆڵی نەوشیروان ببەستی، ئەو کاتە وەك دوپشکی ناو ئاگر بەخۆیەوە دەدات و بەو ژەهری دوبەرەکیەی هەڵی گرتووە خۆی دەکوژێ، ئەو کاتەش دێوەزمەی شەڕلەو کوردستانە پان و بەرینە شوێنێك نامێنێ پێی لی دانی.
نەوشیروان مستەفا هەر وەك و لە نووسینی هەردوو کتێبەکەی (لەکەنارەکانی دانوبەوە بۆ خڕی ناوزەنگ) و (پەنجەکان یەکتری دەشکێنن) ڕاستی تەرك کردوە، ئەگەر ڕۆژێك لەڕۆژان فەرهەنگێکی کوردی بنووسی ئەوا وشەی ئاشتی و تەبایی لەو فەرهەنگەدا جێیان نابێتەوە، لەوەش دڵنیام لەکۆمپانیای (وشە) ش ڕێز لەو دوو وشەیە ناگریو بە وشەیان حیساب ناکات.
ناهەقم مەگرن ئەگەر بڵێم نەوشیروان مستەفا ڕەسەنێکی لەجنۆکەیەو لەهەر شوێنێك بیسمیلا بکری ئەوا چی جنۆکە هەیە ئەو شوێنە چۆڵ دەکەن، لەهەر شوێنێکیش ناوی ئاشتی و تەبایی بهێنری، ئەوا نەوشیروان تا لاقی دێشی ڕادەکاو ئەو شوێنە بەجی دێڵی.
زۆر جار وارێ دەکەوی کەسانێك توشی نەخۆشیەکی دەرونی ئاڵۆز دەبن، بەو هۆیەوە ڕق لەنەتەوەیەك یان ئاینێك یان ئایدۆلۆژیایەك دادەگرن و دەبنە مرۆڤێکی زیان بەخش لەناو کۆمەڵگەدا، ئەوەش وادەکات لەلایەن پسپۆڕو شارەزایانی بواری دەروونیەوە دەیان لێکۆلینەوەیان لەسەر بکری، لەوانەش هیتلەر بووە جێگای سەرنجی ئەو شارەزاو پسپۆڕانە، لەئایندەدا سەدام حوسێنیش کۆمەڵێك لەو پسپۆڕو شارەزایانە بەخۆیەوە خەریك دەکاو هیتلەر لەبیر خەڵکانێك دەباتەوە.
هیتلەر بە ملیۆنان جولەکەی کوشت، دوایی دەرکەوت کەتەنها جولەکەیەك بووە هۆکاری ئەوەی هیتلەر چێژ لەکوشتنی جولەکە وەربگریو ڕق و کینەی خۆی بەسەر جولەکەکانی جیهاندا برێژی.
بەڵام خۆناکری ئاشتی و تەبایی زیانی بۆ کەس هەبی، تا نەوشیروان لێی زەرەر مەندبوبێ و وەك هیتلەر ڕقی داگرتبێ و بەو شێوەیە سەنگەر لە ئاشتی و تەبایی بگریو بیەوی ئاسەواری ئەو دوو وشە پیرۆزە لەبەین بەری، ئەوە پرسیارێکەو ڕۆژێك دی کۆمەڵێك پسپۆڕو شارەزای بواری دەروونی بەخۆیەوە خەریك بکات، بەڵام ئەوەی هەمومان لەسەری کۆکین ئەوەیە، ئەو جۆرە کەسانەی ڕق لەشتێك دادەگرن و خوو بەلەناو بردنیەوە دەگرن کە نەوشیروان مستەفا یەکێکە لەوانە، ڕۆژێك دی لەلایەن شوێن کەوتوانی خۆشیانەوە نەفرەت باران دەکرێن. ڕەنگە کەسانێك پێیان سەیربی کەدەڵێم: نەشیروان

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

مستەفا لەگەڵ ئاشتی و تەبایی ناتەبایە. بەڵام ڕاستیەك هەیە دەبی هەمومان بیزانین کەنەوشیروان ئاشتی و تەبایی ناو یەکێتی نیشتیمانی پی خۆش نیە، لەو پێناوەشدا دەیان گێچەڵی بەخەڵکی ناو یەکێتیش کردوە، ئەگەر وانیە بەڵگە چیە بۆ پاکی ئەو کەسانەی لەناو کۆمپانیای (وشە) دا لەخۆی کۆکردونەوە؟ ئایە شەڕی گەندەڵی بەگەندەڵکاران دەکری؟!.

نەوشیروان وای نیشان ئەدا کۆمپانیای (وشە) دەکاتە ئەو سەنگەرەی کەشەڕی گەندەڵی پی بکا، تۆ بەدەسەلاتی جێگری سکرتێری گشتی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان نەت توانی شەڕی گەندەڵی بکەی یان ڕاستتر بڵێین نەتویست، ئێستا چۆن دەتوانی بەکۆمپانیایەکی وەك کۆمپانیای (وشە) ئەو شەڕە بکەی؟ لەکاتێکدا یەك فەوجی پاسەوانی سنور لە حیزبەکەی خۆت ئەگەر بیانەوی لەماوەی چاوتروکانێکدا چی وشە هەیە لێت دەستێنن و ئەو بینایەی تۆ یاری وشەی تێدا دەکەی بەسەرتدا تێك دەرمێنن.

کاك نەوشیروان لەبەر چاومانە ئەو کاتەی هەمو خەڵکی کوردستان چاوەڕوانی فتوای یەکگرتنەوەی هەردو ئیدارەکەی کوردستان کەتۆ یەکێك لەفتوا دەرەکانی ئەو یەکگرتنەوەیە بوی، هەر جارێك لەدانیشتنەکان بەشدار بوایە ئەوا شەمەندەفەری یەکگرتنەوەت بەرەو دواوە ڕادەکێشا.

لەدانیشتنی ڕاگەیاندنی یەکگرتنەوەی هەردوو ئیدارەکە مام جەلال لەبەر نالەباری کەش و هەوا نەیتوانی ئامادەبی، پێویست بو تۆ وەك کەسی دوەمی یەکێتی نیشتیمانی لەو دانیشتنە ئامادە بوایەو لەسەر شاشەی (tv) یەکان دەرکوتبای، کەلەو کاتەدا (tv) یەکان ڕووی ئاشتی و تەباییان نیشانی خەڵکی کوردستان دەدا، بەڵام خۆت شاردەوەو بەو ئاشتی و تەباییە قەڵس و نارەحەت بووی کە مۆتەکەی شەڕی ناوخۆی لەگۆڕ دەنا.

لە 2006/6/1 کەساڵیادی دامەزراندنی یەکێتی نیشتیمانی بوو، بۆ ئاهەنگی ئەو یادکردنەوەیەش مام جەلال لەبەغداوە هاتبۆوە کوردستان و بانگهێشتی هەموو لایەنە سیاسیەکانی کوردستان کرابوو کەزیاتر لە کۆنفراسێك دەچو تاياد کردنەوە، لەو ڕۆژەدا هاوینە هەواری دوکان ببوە سیاسەتخانە، لەبەر ئەوەی سەرکردایەتی سیاسی کورد لەوپەڕی ڕاستەوە بۆ ئەو پەڕی چەپ، لەوپەڕی ئیسلامیەوە بۆ ئەو پەڕی عەلمانی بۆ ئاهەنگی ساڵیادی دامەزراندنی حیزبەکەی تۆ هاتبوون، لەشاشەی کوردستانەوە دەمروانی کاك نەوشیروانم نەدی وتەیەك بڵی یان بیرەوەریەك بگێڕێتەوە یان لە پێشوازی بەخێر هێنانی میواندابی، لەبەر ئەوەی ئەو ڕۆژە هاوینە هەواری دوکان بۆنی ئاشتی لی دەهات، دوایی بیستم گوایە مۆبایلەکانیشت بەسەر خەڵکدا داخستوە، بۆ ئەوەی بە موبایلیش گوی بیستی ئاشتی و تەبایی نەبی، یان مامە دەیویست بەئامەدەبوان بڵی تاکاتێکی نادیار بوخچەی شەڕمان پێچاوەتەوەو لەپشتی کاکە نەوەمان بەستوە، گلەیش مەکەن کاکە نەوە چاووڕوی ئەو جۆرە کۆڕو کۆبونەوانەی نیە، کاکە (نەوە) ئامادە نەبونت لەو ڕۆژەدا زۆر لێکدانەوەی بۆکرا، بەڵام من وتم چی تێدایە؟ لەوەتەی کاك نەوشیروان هەیە سوکایەتی بەکولتوورو فەرهەنگی کوردی کردوە، هەڵاتن لەبەر میوان سوکایەتیەکی ترە بەکولتوورو فەرهەنگی کوردی کرد.

کاك نەوشیروان باسی ریفۆرم دەکاو بانگەشەی بەگژداچونەوەی گەندەڵی دەکا، کورد گوتەنی (لەکلکەوە لغاوی دەکات)، هەمو ریفۆرمێك بەئاشتی و تەبایی دەست پی دەکات، تۆش تاسەر ئێسقان دژی ئاشتی و تەبایی، جائەگەر سی جاران خۆت لەدەریای ئاشتی و تەبایی هەڵنەکێشی و نەڵێی: نێتمە خۆم ریفۆرم دەکەم، ئەوا ریفۆرمت فت!!!

هەموو گەندەڵیەك لەشەڕو دوبەرەکیەوە سەرچاوەی گرتووە، تۆش دەیان ساڵە بیرو هۆشت بەشەڕو دوبەرەکی زاخاو دەدەی، ئێستا وای لێهاتوە نازانم بڵێم: تۆ پارچەیەکی لەگەندەڵی، یان گەندەڵی

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

پارچەیەکە لەتۆ، کەواتە بۆ تۆ نەهاتووە باس لەشەڕی گەندەڵی بکەی، چونکە شەڕی گەندەڵی بەپیرۆزیەکانی نەتەوایەتی و ئاشتی و تەبایی دەکری، تۆش کە بە پیرۆزیەکانی نەتەوایەتی ئاشنا نی و لەگەڵ ئاشتی و تەباییش دوژمنایەتی خوێنداریتان هەیە، پێم چاکە خۆت لە قەرەی ئەو شەڕە نەدەی، چونکە دۆڕاوی یەکەم خۆت دەبی.

جەڕەسی چوارەم بەڕێوەیە چاوەڕوان بە.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.